# بەسەر شەپۆلی نوێی "کۆمۆنیزم"ـەوە

ئەمیر حەسەنپوور[١]

ئیمپریالیزم و فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی، ئەم دوو هێزە بەسەرچووەی مێژووی هاوچەرخ، دونیایان کردووەتە مەیدانی هێرش و هەڵکوتانەسەر، جەنگ و کوشتوبڕ، داگیرکاری و دیلکردن، ستەم و چەوسانەوە، توندوتیژی دژی ژنان، بڵاوکردنەوەی خورافات، دووبەرەکیی دینی و مەزهەبی، ستەمی نەتەوەیی و لەناوبردنی ژینگە. گەرچی ئەمڕۆ ئەم دوو هێزە کۆنەپەرستە لەگەڵ یەکدا وەشەڕ هاتوون، کەچی پاڵپشت و پەناگەی هەردووکیان سیستەمی سەرمایەداریی ئیمپریالیستییە. شێوازی بەرهەمهێنان و سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسیی هەردووکیان بریتییە لە سەرمایەداری کە سەرچاوەی بەرهەمهێنان و، بەرهەمهێنانەوەی ئەم هێزە سیاسییە بەسەرچووانە و کۆی ترس و تۆقانەکانی دونیای هاوچەرخە.

کوردستان یەکێکە لەو ناوچانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لەناو ئاگری ئەم جەنگەدا دەسوتێت. هێزە چەکدارەکانی کورد، لە عێراق و سوریا، بەشێکی گرنگ لە سوپای یاریدەدەری ئەمریکا دەستەبەردەکەن. سێ دەیە، خەباتی چەکدارانەی ناسیۆنالیستە کوردەکان دژی بەغدا، بە پاڵپشتی جەنگی ئەمریکا دژی سەدام حسێن، کوردستانی

[١]. ئەم پێشەکییە لەلایەن هاوڕێ "ئەمیری حەسەنپوور"ـەوە بە فارسی و بەتایبەت بۆ پێشەکیی کتێبی(مێژووی ڕاستەقینەی کۆمۆنیزم) نوسراوە و پاشان کردوومانەتە کوردی-و

عێراقی گۆڕی بۆ حوکمێکی نیمچەسەربەخۆ، و ئێستاش پێگەی ئابوری و سەربازیی ئەمریکا و ئیسرایل و هێزەکانی "ناتۆ"یە. ناسیۆنالیزمی کورد و بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان ئەوەیان پیشانداوە کە، وەکو بزووتنەوە نەتەوەییەکانی تر، بەشێکن لە سیاسەت و ئایدۆلۆژیای سەرمایەداری و سەرەنجامیش بەناچاری دەبنە برغۆیەك لە سیستەمی جیهانیی ئیمپریالیستییدا. زۆربەی ڕۆشنبیران و چالاکوانانی سیاسیی کورد خۆیان لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دانەبڕیوە و، ئاسۆی ڕوانینیان لە ئاستی سەرانی ئەم بزووتنەوەیەدایە کە لە سەرەتاوە دەرەبەگەکان و شێخەکان بوون. لەم ساڵانەی دواییدا، لەگەڵ گەشەی بۆرژوازیی کورددا بەتایبەت لە تورکیا و عێراق و ئێران، ناسیۆنالیستەکان داوای بەشداریکردن دەکەن لە دەسەڵاتی سیاسی و یاساداناندا. تەنانەت ئەو کاتەشی کە بزووتنەوەی نەتەوەیی چەکهەڵدەگرێت، ئامانجەکەی گۆڕانی بنچینەیی و ڕیشەیی دۆخەکە نیە بەڵکو بەشداربوونە لە دەسەڵاتی دەوڵەت و سیستەمی ئابوری-کۆمەڵایەتیی چینی حاکمدا. گەیشتن بە پارلەمان، ڕیفۆرمی یاسایی، مافی هاوڵاتیبوون، مافی زمان و کەلتور، و یەکسانیی نەتەوەیی ئەوپەڕی داواکارییەکانیەتی.

بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، کە لە بەراییەکانی سەدەی بیستدا بە داوای سەربەخۆیی یان ئۆتۆنۆمی(حوکمی زاتی)ـی کوردستان دەستیپێکرد، لەلایەن دەرەبەگەکان، سەرەك عەشیرەتەکان، و شێخەکان(ڕێبەرانی تەریقەتی ئیسلامی)ـەوە ڕێبەرایەتی دەکرا. سەرانی ئەم بزووتنەوەیە، فیوداڵ و شێخی وەك شێخ مەحمود(١٩١٨-١٩١٩، ١٩٢٢-١٩٢٤)، شێخ سەعیدی پیران (١٩٢٥)، سەید ڕەزای دەرسیم (١٩٣٧-١٩٣٨)، سمایل ئاغای سمکۆ(١٩٢١-١٩٢٤)، مەلا مستەفای بارزانی(١٩٦١-١٩٧٥) بوون. زەقترین دەسکەوتی بزووتنەوەی نەتەوەیی، "کۆماری کوردستان" بوو لە ساڵی ١٩٤٦، ئەویش لەژێر سەرکردایەتیی هاوبەشی بۆرژوازی و دەرەبەگەکاندا. لەسەر هەمان شێواز، بزووتنەوەی چەکداریی خودموختار لە کوردستانی عێراق کە لە ساڵی ١٩٦١دا دەستیپێکرد و سی ساڵ دواتر سەری کێشا بۆ "حکومەتی هەرێمی کوردستان"، لەلایەن سەرۆك عەشیرەتی

بارزان، مەلا مستەفای بارزانییەوە بەرپاکرا و، ڕۆشنبیران و چالاکوانانی سیاسی کە زۆربەیان ئەندامی (پارتی دیموکراتی کوردستان) بوون چوونەپاڵی.

لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا، جووتیاران کە زۆرینەی دانیشتوانی زەحمەتکێشی کوردستانیان پێکدەهێنا، لەژێر دەسەڵاتی دەرەبەگاندا بوون و هێزی جەنگاوەری بزووتنەوەی نەتەوەییان پێکدەهێنا. بەم جۆرە، ناسیۆنالیزمی کورد ناکۆکیی نێوان نەتەوەی کورد و دەوڵەتە مەرکەزییەکانی(تورکیا، ئێران، عێراق، سوریا)ی لەگەڵ ناکۆکیی نێوان دەرەبەگەکان و دەوڵەتە مەرکەزییەکانی پێکەوە گونجاند و خستنیە سەر یەك. لەڕاستیدا، ڕێبەرانی بزووتنەوەی نەتەوەیی، لە شەریف پاشاوە لە جەنگی جیهانیی یەکەمەوە تا مەلا مستەفای بارزانی لەدوای جەنگی جیهانیی دووەم، لەو جێیەدا بۆ "سەربەخۆیی"ـی کوردستان دەگەڕان کە ببن بە پاشکۆی دەسەڵاتە ئیمپریالیستییەکان: یەکەمیان(شەریف پاشا) داوای لە ئینگلستان(بەریتانیا) کرد کە کوردستان ببێتە پارێزراوی ژێر دەسەڵاتی ئەم هێزە داگیرکەر و ئیمپریالیستیەیە و، دووەمیشان داوای لە ئەمریکا کرد کە کوردستان بکاتە ویلایەتی پەنجا و یەکەمینی خۆی. تەنانەت لە کۆماری کوردستاندا، کە لە هەلومەرجی جێگیربوونی هێزەکانی سۆڤیەتدا لە باکوری ئێران، بە پشتیوانیی ئەوان دامەزرا. دەرەبەگەکان و سەرەك عەشیرەتەکان کەوتبوونە ناو کابینە و سەرکردایەتیی سوپای نەتەوەییەوە، و چەوساندنەوەی وەرزێران هەروەك ڕابردوو بەردەوام بوو.

کوردستان لە سەدەی بیستدا، بەتایبەت لە ماوەی جەنگی جیهانیی یەکەم و دواتردا، گۆڕابوو بۆ یەکێك لە مەیدانە گرنگەکانی کێشمەکێشە سیاسییەکانی دەوڵەتانی ناوچەکە و هێزە ئیمپریالیستییەکان(بەتایبەت ڕوسیای قەیسەری و ئینگلیز و فەڕەنسا و دواتریش ئەمریکا). جینۆساید، پاکتاوی قەومی، تاوانی جەنگ، ڕاگواستنی بەکۆمەڵ، کۆمەڵکوژی، وێرانکاری، قاتوقڕی و نەخۆشی؛ کوردستانی بەرەو فەوتان برد. بەرەنگاربوونەوە بەڕووی ئەم هەلومەرجە پرشوبڵاو و خۆڕسك و خۆجێیەدا، شتێکی بوێرانە بوو. بەڵام بزووتنەوەی نەتەوەیی توانای گۆڕینی ئەم بارودۆخەی نەبوو. لەم

هەلومەرجە هێجگار سەخت و ئاڵۆزەدا، ئەگەر ڕێبەرایەتییەکی شۆڕشگێڕ هەبووایە، ئەوا ئیمکاناتێکی بەرفراوان هەبوو بۆ گۆڕینی دۆخە دژەشۆڕشەکە بەرەو دۆخێکی شۆڕشگێڕانە و ئەفراندنی دونیایەکی باشتر.

بار و ڕەوشی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان، ئاوارتە و ئیستیسنا نەبوو. باقیی بزووتنەوە نەتەوەیی و دژەئیستعیمارەکانی تر، لە چەشنی ڤێتنام، جەزائیر، کوبا، فەلەستین، لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان پێشکەوتووتر بوون کە نە بزووتنەوەیەکی دژەدەرەبەگایەتی بوو و نە دژەئیمپریالیستی. بەڵام ئەو بزووتنەوانەش کە دوای چەندین دەیە خەباتی دژەئیستیعمار لە ئاسیا و ئەفریقا، بوون بە خاوەنی دەوڵەتی "سەربەخۆ"ی چینی بۆرژوا/موڵکداری خۆماڵی، هەرواش لە هەناوی سیستەمی سەرمایەداریی ئیمپریالیستییدا وەك پاشکۆی ئەو سیستەمە مانەوە. هەروەها ڕەوشی زۆرینەی خەڵکی کرێکار و وەرزێرە و ژنانیش گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهات.

بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە عێراق، دوای سێ دەیە جەنگ لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا، هەروەها بەهۆی چوونەپاڵ ئەمریکا لە شەڕی دژ بە ڕژێمی سەدامدا(١٩٩١-٢٠٠٣)، لە پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا سەرکەوت. ڕێبەرانی بزووتنەوەی نەتەوەیی، کە سێ دەیە لە شاخ دژی بەغدا چەکدار بەشەڕ دەهاتن، هەرکە لە شاخەوە دابەزینە ناو شار، ماشێنی ئیداریی ڕژێمی بەعسیان گۆڕی بۆ حکومەتی کوردی. هەروەها بەمسۆگەری، بەردەوامبوونی ئەم سیستەمە چینایەتییەیان لە کەوڵی نەتەوەیی کورددا بەرهەمهێنایەوە. کارنامەی چارەکە سەدەیەکی ئەم حکومەتە نیمچەسەربەخۆیە ئەوەمان پیشاندەدات کە لەجیاتیی حکومڕانیی کۆنەپەرستانەی بەعس، دیکتاتۆریەتی چینە باڵادەستەکانی کورد لەئارادایە(دەرەبەگەکان، سەرۆك عەشیرەتەکان، بۆرژوا پەیوەستەکانی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار). کوردستان لە چنگی بەعسییەکان دەرهێنرا، و بوو بە پێگەی سەربازی و سیاسی و ئابوریی ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپا و تورکیا و ئێران و ئیسرایل. پێشمەرگە کە لە بزووتنەوەیی نەتەوەییدا هێمای خەبات بوو

لەپێناوی ڕزگاریی کۆمەڵانی خەڵکدا، بووە بە لەشکری یاریدەدەری ئەمریکا. لەژێر ئاڵای ناسیۆنالیزمدا، کە نەتەوە بە شتێکی "پارچەنەکراو" و "بێچین" دادەنێت، پارتی دیموکراتی کوردستان بەشی ڕۆژئاوای حکومەتی هەرێمی کردووە بە پێگەی تورکیا و یەکێتیی نیشتمانی کوردستانیش بەشی ڕۆژهەڵاتی کردووە بە شوێنی تەراتێنی کۆماری ئیسلامیی ئێران. پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ یارمەتیدانی تورکیا لە سەرکوتکردنی بزاڤی ڕۆژئاڤادا بۆ ماوەیەك خەندەقێکی لە سنوری نێوان هەردوو پارچەکەی کورستاندا لێدا. ئەمڕۆش ڕۆژئاڤای خستۆتە ناو گەمارۆی سیاسی و ئابورییەوە. ئابوریی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پاشکۆی ئابوریی نەوتیی [کرێخۆرییە]، کە لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوت، لە بازاڕەکانی جیهاندا، گەیشتۆتە لێواری بەربوونەوە و ڕمان. لە مەسەلەی گەندەڵییدا، حکومەتی بەعس ناگاتە تۆزی پێی سەرانی حکومەتی کوردییدا.

ناسیۆنالیزم تەنیا سیاسەت و ئایدۆلۆژیا نەبوو. لەکاتێکدا کە لە کوردستانی عێراق حکومەتی خودبەڕێوەبەریی دەرەبەگایەتی/عەشیرەتیی شێخ مەحمود لەئارادا بوو، و شێخیش خۆی وەك مەلیکی کوردستان ڕاگەیاند، لە سۆڤیەت دوای ١٩٢١ بەشێکی بچوکی دانیشتوانی کوردستان کە لە قەفقاز دەژیان(کوردەکانی ئەرمەنستان، ئازەربایجان، جۆرجیا) پرۆسەی پەرینەوەی دەستپێکرد بەرەو سۆسیالیزم، بۆ ماوەیەکیش ناوچەی "کوردستانی سور"[٢] لەئارادا بوو. بەراورد بە کوردی وڵاتانی تر، پێشکەوتنی کوردەکانی سۆڤیەت، لە ماوەیەکی کورتخایەنی یەك دەیەدا، چەندقات قووڵتر و گەورەتر بوو: لە هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییە عەشایەری و دەرەبەگایەتییەکانەوە بیگرە تا دەگاتە ڕزگاریی ژنان، بنەبڕکردنی نەخوێنەواری، پەروەردە و فێرکردنی گشتی، خوێندن بە زمانی کوردی، وەرگێڕان و نوسین و بڵاوکردنەوە بە زمانی کوردی و گەشەی توێژی ڕۆشنبیر و هتد. بەڵام سۆڤیەت تەنانەت لە سەرەتای سییەکان بەدواوە، بەباشی ڕۆڵی بنکەی شۆڕشگێڕانەی جیهانیی نەدەگێڕا. ڕێبازەکەی توانای ڕزگارکردن

---

[٢]. کوردستانی سور، ناوچەیەکی خودموختار بوو کە دەسەڵاتی کۆمۆنیستیی سۆڤیەت بۆ کوردەکانی باشوری قەفقازی دامەزراند، کە لە ساڵی ١٩٢٣ تا ١٩٢٩ی خایاند. پایتەختەکەی شارۆچکەی (لاچین) بوو.

و ڕێکخستنی وزەی ڕزگاریخوازیی شۆڕشگێڕانەی نەبوو لە دوورترین نوختەی جیهاندا بۆ بەرەوپێشبردنی شۆڕشی جیهانی. تۆزێك بەر لە دەسپێکردنی جەنگی جیهانیی دووەم، لە ساتی خۆئامادەکردندا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشی ئەڵمانیا حکومەتی سۆڤیەت دەستیدایە دوورخستنەوەی کوردەکان و بەشێکی تری نەتەوەکان بۆ ئاسیای ناوەڕاست. هاوکات دەوڵەتەکانی ئێران، تورکیا و عێراق(لەژێر ئینتیدابی ئینگلیزدا) و سوریا (ئینتیدابی فەرەنسا) هیچ درێخییەکیان نەدەکرد بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی تازەپێگرتوو لەم وڵاتانەدا. هەوڵی خەباتگێڕان بۆ خۆدابڕین لە ناسیۆنالیزم، و چوونەپاڵ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە دەیەی ١٩٤٠دا، لە ئاستێکی دیاریکراودا دەستپێکرد؛ بەڵام لە هەمان کاتدا ڕووبەڕووی کەموکورتییە مێژووییەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بووەوە. ڕێکخراو و حیزبە کۆمۆنیستییەکان لە تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا، لە هەلومەرجێکدا درووستبوون کە بزووتنەوەی نێونەتەوەیی کۆمۆنیستی لەژێر ڕێبەرایەتیی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتدا بوو. ئەم حیزبەش، هەڵگری بەرنامە و ڕێبازێکی درووستی ئەنتەرناسیۆنالیستیی پرۆلیتاری نەبوو. سەرەنجام، لەجیاتیی یارمەتیدانی حیزبە کۆمۆنیستەکانی وڵاتە جیاجیاکان، کە هەریەکە لە وڵاتی خۆیاندا شۆڕش وەڕێبخەن و، بە سەرنخونکردنی دەوڵەتە باڵادەستەکان؛ بتوانن دەوڵەتی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دابمەزرێنن و دەستبکەن بە بنیاتنانی بینای سۆسیالیزم؛ و داوایان لێیکەن بەرگری لە سۆڤیەتی سۆسیالیستی بکەن، و بۆ ئەم بەرگرییەش لەگەڵ دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی خۆیاندا سازشبکەن کە هاوپەیمانی بلۆکی ئیمپریالیستی بوون. حیزبە کۆمۆنیستییەکانی ئەم وڵاتانە، لە چوارچێوەی ئەم ڕێبازەدا، توانای ئەمەیان نەبوو کوردستان بکەنە بنکەی شۆڕش. تەنیا حیزبی کۆمۆنیستی چین، کە لەژێر ڕێبەرایەتیی ماوتسیتۆنگدابوو نادروستیی ئەم ستراتیژی و ڕێبازەی کە سەرچاوەی لێوە گرتبوو، دەستنیشانکرد. لە گەرمەی جەنگی جیهانیی دووەمدا، سیاسەتی ناسیۆنالیستی لە جاران زیاتر، بەسەر حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتدا زاڵبوو. بەدوای گەڕانەوەی سەرمایەدارییدا(بەسەرکردایەتیی خرۆشچۆف لە کۆنگرەی بیستی ئەم حیزبەدا لە ساڵی ١٩٥٦)، شۆڕش لە کارنامەی ئەم حیزبانەدا سڕایەوە.

بووژانەوەی سەرمایەداری لە سۆڤیەتدا، زەربەیەکی کوشندەی لە ڕەوتی شۆڕش دا لە ئاستی جیهاندا. بزووتنەوەی نێونەتەوەیی کۆمۆنیستییشی خستە ڕەوشی مان و نەمانەوە. حیزبی کۆمۆنیستی چین، بەڕێبەرایەتیی ماوتسیتۆنگ خەباتی دژ بە ڕیڤیزیۆنیزمی خرۆشچۆڤی دەستپێکرد و ئەوەی پیشاندا کە سەرمایەداری لە یەکەمین وڵاتی سۆسیالیستییدا هەستاوەتەوە. ماوتسیتۆنگ، لەگەڵ چارەکردنی ئەم گرفتەدا کە چۆنچۆنی سەرمایەداری دەتوانێت لە وڵاتێکی سۆسیالیستییدا زیندووبێتەوە و خەسڵەتی خەباتی چینایەتی لە قۆناغی پەڕینەوەی سۆسیالیزم بۆ کۆمۆنیزم چیە، تێگەیشتنی زانستییانەی شۆڕشی پەرەپێدا. ئەو، بەهۆی ڕێبەرایەتیکردنی تیۆری و سیاسییەوە، ئینشیقاقێکی گەورەی لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی نێونەتەوەییدا(١٩٦٤) وەڕێخست و، ڕێگەی بۆ دروستبوونی بزووتنەوەی نوێی کۆمۆنیستیی لە ئاستی دونیادا کردەوە. پاشان بەهۆی وەگەڕخستنی "شۆڕشی کەلتوریی پرۆلیتاری" لە ناو چین خۆیدا(١٩٦٦ تا ١٩٧٦)، بەرەنگاری ڕەوتی گەڕانەوەی سەرمایەداری بووەوە و ڕێگەی بەردەوامبوونی شۆڕشیشی لە سۆسیالیزمدا کردە مۆدێل و؛ بەم جۆرە ماویزم بوو بە هێڵی جیاکەرەوەی نێوان مارکسیزم و ڕیڤیزیۆنیزم. جارێکی تر کۆمۆنیزم بوو بە هەڵگری مەشخەڵی ڕزگاریی مرۆڤ لە دیلێتیی سیستەمی سەرمایەداری و بەڵا و کارەساتە بەرهەمهێنراوەکانی. تەنانەت زۆربەی بزووتنەوە ناسیۆنالیستییەکانیش، خۆیان بە لایەنگری فیکری ماو و "چین"ی سۆسیالیستی دەدایە قەڵەم، بێ‌ئەوەی لەڕاستیدا کۆمۆنیزمیان هەرسکردبێت.

دوای مردنی ماو لە سێپتەمبەری ١٩٧٦دا، کودەتایەکی هاوشێوەی کودەتاکەی خرۆشۆڤ لە حیزبی کۆمۆنیستی چیندا ڕوویدا و سەرمایەداری لە دوایین وڵاتی سۆسیالیستییدا سەریهەڵدایەوە. ئەم شکستەش لە سەرتاسەری دونیادا، زەربەیەکی گەورەی لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دا. لەم هەلومەرجەدا، شێواویی تیۆری و سیاسی هەموو لایەکی گرتبووەوە. لە کوردستان لە دەیەی حەفتادا، سێ ڕەوتی ڕووەو کۆمۆنیزم دەستیاندایە دامەزراندنی ڕێکخستنی شۆڕشگێڕانە، و بە پلەی جیاجیا بەڵام زۆر بەرتەسك کەوتبوونە ژێر کاریگەریی ماویزمەوە: کۆمەڵەی مارکسی-لینینی لە

کوردستانی عێراق لە ساڵی ١٩٧٠، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان لە ئێران لە ساڵی ١٩٦٩، هەروەها پارتی کارکەرێن کوردستان(پەکەکە) لە ساڵی ١٩٧٨دا. کۆمەڵەی مارکسی-لینینی، وردەوردە لە حیزبی ناسیۆنالیستیی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)دا کە هەر خۆی دایمەزراندبوو، توایەوە. ڕەوتی دووەم، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٣دا، بەهۆی یەکگرتنیەوە لەگەڵ گرووپێکی چەپی تردا، لەگەڵ پاراستنی سەربەخۆیی تەنزیماتیی خۆیدا، "حیزبی کۆمۆنیستی ئێران"ـی دروستکرد. ئەم حیزبە بە ئاڵای "مارکسیزمی شۆڕشگێڕ" دەستیپێکرد و دوای ١٠ ساڵ لە پرۆسەی کەرتئینشیقاقدا دابەشبوو بەسەر لقی جۆراوجۆری لایەنگری مارکسیزمی هیومانیستی دا. مارکسیزمی شۆڕشگێڕیی ئەم حیزبە، لەسەر بنەمای هەڵوەشاندنەوەی خەتی جیاکەرەوەی نێوان مارکسیزم و ڕیزیۆنیزم و هەڵوەشانەوەی دەسکەوتە تیۆری و پراکتیکییەکانی شەپۆلی یەکەمی شۆڕشی کۆمۆنیستی بەتایبەت شۆڕشی سۆسیالیستیی سۆڤیەت و چین دروستبوو. لەجیاتیی کۆمۆنیزمەکەی مارکس و لینین و ماو، تێکەڵەیەکی لە ترۆتسکیزم و سۆسیالدیموکراسی و ئیکۆنۆمیزمی کرێکاری(ئابوریگەرایی) کردە ڕێپیشاندەری خۆی.

ڕەوتی سێیەم(پەکەکە)، بە بەرنامەی دروستکردنی کوردستانی گەورە و سۆسیالیستییەوە هاتەئاراوە، بەڵام ڕابەری حیزب واتە ئۆجەلان، دوای ڕفێنران و زیندان(١٩٩٩)، ڕوویکردە دیموکراسیی بۆرژوازی و پەکەکەی بە کۆمەڵێك چەمکی وەك ئەمانە (دیموکراسیی ڕادیکاڵ، دیموکراسیی ڕاستەوخۆ، دیموکراسیی ئاسۆیی، دیموکراسی لە خوارەوە بۆ سەرەوە) ڕازاندەوە. ئەمڕۆ پەکەکە و حیزبە هاوپەیڕەوەکانی ڕایدەگەیەنن کە گوایا لە ناسیۆنالیزم دابڕاون و بڕوایان بە مافی چارەی خۆنوسین و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ و دەوڵەت-نەتەوە نیە، و لە چوارچێوەی سنورەکانی ئێستادا "ئۆتۆنۆمیی دیموکراتی" و "کۆنفدیراڵیزمی دیموکراسی" دروستدەکەن. لەم پەیڕەو و پرۆگرامە، دیموکراسی لە مەسەلەی چینی کۆمەڵایەتی جیابۆتەوە، و دیموکراسیەت و دیکتاتۆریەت دوو فۆرمی پیادەکردنی دەسەڵات لە یەك چیندا نین، بەڵکو لەیەکتر جیان و دەکەونە بەرامبەری یەکترییەوە و، لەگەڵ ئەم زەمینەسازییانەدا

دیموکراسیی بۆرژوازی لە کەوڵێکی تازەدا بەناوی (مۆدێرنیتەی سەرمایەداری)دا دەخرێتەڕوو. بەم جۆرە، پەکەکە بونیادی دەوڵەت ڕەتدەکاتەوە بەڵام لە هەناوی سنورەکانی دەوڵەت-نەتەوەی تورکیا و سوریادا بەهۆی پرۆژەی بەئۆتۆنۆمیکردن و بەکۆنفیدراڵیکردنەوە دەستدەداتە درووستکردنی نەتەوە و دەوڵەتی کورد. ئاشکرایە کە بە سیاسەتی ڕیفۆرمی دیموکراسی ناتوانیت بەرەنگاری دونیا کۆنەکە ببیتەوە و دونیایەکی نوێ بئافرێنیت. بۆ دەرچوون لە خەرەندی سیستەمی سەرمایەداری و پەڕینەوە بۆ کۆمەڵگای کۆمۆنیستی لە هەر شتێك زیاتر پێویست بە تیۆرێکی شۆڕشگێڕانە، واتە مارکسیزم، دەکات.

گەڕانەوەی سەرمایەداری لە "چین"ی سۆسیالیستی، لە هەموو لایەك هێزە کۆمۆنیستەکانی کز و سەرلێشێواو و قەیراناوی کرد و، لەبری ئەوە نفوزی هێزە ناسیۆنالیست و ئیسلامییەکان لەناو کۆمەلانی خەڵکدا گەشەی سەند و بڵاوبووەوە. بەڵام کێشەی سەرەکی، خودی هێزەکانی ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بوون کە نەیانتوانی بەدرووستی وانە ئەرێنی و نەرێنییەکانی شەپۆلی یەکەمی شۆڕشە کۆمۆنیستییەکان، بەتایبەت شۆڕشی چین، پوخت و کۆبکەنەوە، و وەڵامی تەحەداکانی شۆڕش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پنتەکانی تری جیهاندا بدەنەوە. زۆرێك لە هێزە ماوییەکان(وەکو "یەکێتیی کۆمۆنیستەکان"لە ئێران) دوای گەڕانەوەی سەرمایەداری لە چین، هەندێك هەڵوێستی تێکەڵوپێکەڵیان دەرهەق بە ماویزم گرتەبەر کە دەرکەوت لە پەرەسەندن و کاملبوونی زانستی کۆمۆنیزم کە لەلایەن ماوەوە خرابووەڕوو تێنەگەیشتبوون. سەرەنجام هێزە ماوییەکان نەیانتوانی شۆڕشی کۆمۆنیستی لە پنتە جیاجیاکانی دونیادا بینەپێشێ، تەنانەت لە جێیەکی وەك ئێراندا کە دەرفەتی شۆڕشێکی لەم جۆرەلە ساڵانی ١٩٧٨-١٩٧٩دا هاتبووە پێشەوە. لەناو ئەم هێزە ماویستییانەشدا، ئینتیمای بۆرژوا/دیموکراسی باو بوو کە نەیاندەتوانی کۆمەڵێك ئەرکی وەك خەباتکردن دژی دواکەوتوویی فیوداڵی و پاشکۆیەتی بۆ ئیمپریالیزم و چارەی کێشەی نەتەوەیی و ستەمکردن لە ژنان بخەنە چوارچێوەی ستراتیژی شۆڕشێکی کۆمۆنیستییەوە، و ڕێبەرایەتیی شۆڕش بکەن.

بێتوانایی شۆڕشگێڕەکان لە کوردستان و ناوچەکەدا، لە وەڕێخستنی بزووتنەوەی نوێی کۆمۆنیستی و ئەنجامدانی شۆڕشی کۆمۆنیستی لە کەمبوونی خەبات و خەباتگێڕەوە سەرچاوەی نەگرتبوو. لەڕاستیدا لە هەر کونجێکی ئەم سەرزەمینەدا، کاریگەری و شوێنەواری بوێری، خۆفیداکردن، لەخۆبردوویی، بێباکیی ئازادیخوازانی کۆمۆنیست و ناکۆمۆنیست لە جەنگی دژەکۆنەپەرستی و ئیمپریالیزمدا بەدیدەکرا. ڕێگری سەرەکیی بێتوانایی بوو لە دابڕان لە جیهانبینی، سیاسەت، ئایدۆلۆژیای بۆرژوازی و گرتنەبەری جیهانبینی، سیاسەت، و فیکر و ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیستیدا. بەڵام کۆمۆنیزم، بەتایبەت دوای شکستی هەردوو ئەزموونی گرنگی سۆڤیەت و چین، شتێك نەبوو کە حازروبزر و بەردەست بێت. هەوڵدان بۆ دروستکردنی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە کوردستاندا، هاوکات بوو لەگەڵ ئەو شتەدا کە باب ئاڤاکیان(ڕێبەری حیزبی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕی ئەمریکا) ناوینەوە کۆتایی شەپۆلی یەکەمی کۆمۆنیزم(لە کۆمۆنەی پاریس ١٨٧١ تا گەڕانەوەی سەرمایەداری لە چین ١٩٧٦). سیفەتی جیاکەرەوەی ئەم ساڵانە، پشێوی و سەرلێشێوان بوو لە تیۆر و پراکتیکدا و، بێتوانایی بزووتنەوە کۆمۆنیستییەکانیش لە تێگەیشتنی شکست و کردنی ئەو شکستە بە سەرکەوتن.

لە هەلومەرجی شکستی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا، سەرمایەداریی ئیمپریالیستی بەخێرایی دونیا تووشی فەوتان و لەناوچوون دەکات: هەژاری، برسێتی، بێبەشبوون، بێکاری، بێ ماڵوحاڵی، زۆرچەوسانەوە، و ستەم کە ژیانی ملیارەها مرۆڤی فەوتاندووە. لەژێر سەروەریی سەرمایەدا، سەرلەنوێ سیستەمی کۆیلایەتی سەری دەرهێناوەتەوە. فرۆش و بازرگانی بە ژنان و منداڵانەوە، بۆتە بەشێك لە سیستەمی ئابوری. قەیرانی ژینگە کە بەرەنجامی ڕاستەوخۆی ڕکێفی سەرمایەیە، ژیانی مرۆڤ و بوونەوەرەکانی تری خستۆتە مەترسییەوە. بەتوندی زیان بەر جەنگەڵ و دەریا و زەریا و ئۆقیانوس و خاك و ئاو و هەوای گۆی زەوی کەوتووە. هەموو ساڵێك هەزاران مرۆڤ کە بۆ دۆزینەوەی کار پەنا بۆ ئەمریکا و ئەورووپا دەبەن، ڕووبەڕووی مردنی دەسبەجێ یان شێنەیی دەبنەوە. ستەمکردن لە ژنان و توندوتیژیی پیاوسالارانە لە لوتکەی خۆیدایە. لە هەموو لایەکەوە شەڕ دژی ژنان لەئارادایە. خورافاتی دینی، دژەزانستبوون،

ڕەگەزپەرستی و، فاشیزم دەست لەناو دەستی یەك وێنەی داهاتوویەکی تاریك دەکێشن. ناکۆکیی نێوان هەردوو هێزی کۆنەپەرست و بەسەرچووا(ـی ئیمپریالیزم و فەندەمێنتاڵیزم) ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان کردۆتە وێرانە و قەسابخانە. جەنگ و وێرانکاری و ئاوارەبوونی ملیۆنان مرۆڤ، ئاسایی بوونەتەوە.

بارودۆخی دونیا گەیشتۆتە جێیەك کە دەبێت یان سیستەمی سەرمایەداری لەناوببەیت یاخود سەرمایەداری ژیان لە ڕیشەوە هەڵدەکێشێت. بژاردەیەکی تر نەماوەتەوە. بەڵام ئاشکرایە کە هیچ هێزێك بێجگە لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، توانا و ویستی داهێنانی ئەم مێژووەی نیە. بزووتنەوەی کۆمۆنیستییش بەو جۆرەی کە لە ڕابردوودا هەبوو دەرەقەتی ئەم بەرپرسیارێتییە نایەت. بەپشتبەستنی دەقاودەق بە کۆمۆنیزمی پێشوو ناتوانین داهاتوویەکی کۆمۆنیستی بنیات‌بنێین. بەبێ کۆمۆنیزمی نوێش، ناتوانین بەدرووستی لە ڕابردوو تێبگەین و نە دەشتوانین ئەم داهاتووە پێکەوەبنێین. سەنتێز و پوختەکردنی کۆمۆنیستی لە کۆمۆنیزمی ڕابردوو و، داڕشتنەوەی کۆمۆنیزمی نوێ ئیشێکی گەورەیە کە باب ئاڤاکیان لە چوارچێوەی خەباتێکی هەمەلایەنەدا لە کایەی تیۆر، سیاسەت، ئایدۆلۆژیا، و فیکردا لە سێ دەیەی پێشوودا توانیویەتی بیگەینێتەجێ. گەر کۆمۆنیستەکان دەیانەوێت پێشەنگی داهاتوو بن نەك پاشماوە و دەرهاویشتەی ڕابردوو، ئەوا پێویستە پشت بە سەنتێزی نوێی کۆمۆنیزم ببەستن و بەشێوەیەکی جدی سەیربکەن کە کۆمۆنیزمی نوێ چیە، و چ پێگە و ڕێگەیەکی لە مێژوو دونیای ئەمڕۆدا هەیە. بەپێی قسەی بۆب ئاڤاکیان، سەنتێزی نوێی کۆمۆنیزم بەم جۆرەی خوارەوەیە:

**«سەنتێزی نوێ بریتییە لە تێهەڵکێش و لەچوارچێوەنانی سەرلەنوێی لایەنە ئەرێنی و ئیجابییەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و کۆمەڵگا سۆسیالیستییەکان و فێربوون لە لایەنە سەلبییەکانی ئەم ئەزموونەوە لە ڕەهەندەکانی وەك فەلسەفە، ئایدۆلۆژیا و سیاسەتدا. ئامانجەکە بریتییە لە دەسڕاگەیشتن بە ئاراستەگیری، میتۆد و دیدێکی زۆر زانستیانەتر لەبارەی شۆڕشکردن و بەدەستهێنانی دەسەڵات، هەروەها لەبارەی لایەنە جیاجیاکانی کۆمەڵگای سۆسیالیستیی داهاتووەوە: دابینکردنی ئەو پێداویستییە**

مادییانەی خەڵك و کۆمەڵگە کە ڕۆژبەڕۆژ لە هەڵکشاندان، زاڵبوون بەسەر برینەکانی ڕابردوودا و بەردەوامیدان بە گۆڕانکاریی شۆڕشگێڕانە لە کۆمەڵگادا و پشتیوانیکردن لە خەباتە شۆڕشگێڕییەکانی جیهان و کارکردن لەسەر ئەو بنەمایەی کە مەیدانی جیهانی و خەباتی جیهانی بنەڕەتیترین و سەرەکییترین مەیدانە. لەگەڵ ئەوەشدا دروستکردنی فەزایەك کە لەڕووی نەوعی و چۆنیەتییەوە زیاتر شیاو بێت بۆ پێداویستییە فیکری و کەلتورییەکانی خەڵك، و سەرپێخستنی پرۆسە جۆراوجۆر و دەوڵەمەندەکانی کەشفکردن و ئەزموونکردن لە پانتاییەکانی زانست و هونەر و کەلتوردا؛ و بەشێوەیەکی گشتی ژیانی فیکریی کۆمەڵگا، و دروستکردنی فەزایەکی بەربڵاو بۆ کێبڕکێی ئایدیاکان و قوتابخانە فیکرییە هەمەڕەنگەکان، و داهێنانی کردە و خەلاقیەتی تاکەکەسی و پشتیوانیکردن لە مافە تاکەکەسییەکان وەك فەراهەمکردنی فەزایەك بۆ ئەوەی تاکەکان بتوانن لە کۆمەڵگای مەدەنییدا جیا لە دەوڵەت پێکەوە چالاکی و کردەیان هەبێت. هەروەها ئەنجامدانی هەموو ئەمانە لە چوارچێوەی هەرەوەزی و هاوبەشیکردندا. لە هەمان کاتدا، پارێزگاری لە دەسەلاتی دەوڵەت دەکرێت، ئەویش وەك دەسەلاتێکی شۆڕشگێڕانەی دەوڵەتی لەپێناوی خزمەتکردن بە بەرژەوەندییەکانی شۆڕشی پرۆلیتارییدا لەم وڵاتە و وڵاتانی تری دونیادا دەگەشێتەوە. دەوڵەتیش ڕەگەزی ڕێنوێنیکەر و مەرکەزی دەبێت لە ئابوری و ئاراستەکردنی گشتیی کۆمەڵگادا. بەڵام خودی دەوڵەتیش بەبەردەوامی دەگۆڕێت و بەشێوەیەکی هەڵکشاو دەبێتە دەوڵەتێکی تەواو جیاواز لە هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە تا ئێستا مرۆڤایەتی بەخۆیەوە دیویەتی. ئەم پرۆسەیە بەشێکی گرنگە لە جووڵە بەرەو لەناوچوونی دەوڵەت کە بەهۆی سەقامگیربوونی کۆمۆنیزمەوە لەسەر ئاستی جیهان دەڕەخسێت و مومکین دەبێت.»(باب ئاڤاکیان: "شۆڕش و ڕزگاریی مرۆڤایەتی"، بەشی یەکەم، حەقیقەت، ژمارە ٥٤، مانگی ٤ـی ٢٠١١، ل١٧).

«کۆمۆنیزمی نوێ»، لەسەر پایە و بنەماکانی مارکسیزمی مارکس و ئەنگڵس و لینین و ماو، ماتریالیزمی مێژوویی و دیالەکتیکی، ڕاوەستاوە. بەرگری لە دەسکەوتی شۆڕشەکانی پێشوو دەکات، ڕەخنەی ئەو هەڵە و کەموکورتییە تیۆری و میتۆدۆلۆژییانەی مارکسیزم دەکات کە ڕێگەیان خۆشکردووە بۆ ئەو هەڵانە. «کۆمۆنیزمی نوێ»، ئەو هەڵە و ناشارەزایی و تێکەوتنانەی کە لە ئەزموونە بەراییەکانی بینای سۆسیالیزمدا حەتمی و حاشاهەڵنەگر بوون، دەستنیشاندەکات و ڕەخنەی دەکات. بەڵام ئەم کارە بەتەنیا نەیدەتوانی سەربکێشێت بۆ سەنتێزێکی نوێی ئەم ئەزموونە گرنگانەی مێژووی مرۆڤایەتی. ئەویش بەو واتایەی کە ڕێخۆشکەر بێت بۆ شەپۆلێکی نوێی شۆڕشە پرۆلیتارییەکان. دەسکەوتی ئاڤاکیان بەتەنیا دەستنیشانکردن و ڕەخنەکردنی لێکپساوی هەڵەی ئەزموونی بینای سۆسیالیزم لە شەپۆلی یەکەمی کۆمۆنیزمدا نیە. شتە گرنگەکە ئەوەیە کە ئەو هەڵە و کەموکورتییانەی لە کایەی تیۆر و میتۆدۆلۆژییدا هەیە و بۆتە هۆی ئەو هەڵانە، پیشانداوە و ڕەخنەیکردووە. بەلای زۆرێك لە کۆمۆنیستەکانەوە، ڕەخنەکردنی مارکس و ئەنگڵس و لینین و ماو کارێکە لە خەیاڵدا ناگونجێت. بەڵام دیدێکی لەم جۆرە بۆ کۆمۆنیزم، بەئاشکرا دژەدیالەکتیکە. لە ڕوانگەی ئاڤاکیانەوە، بەشی زۆری هەڵە باوەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی نێونەتەوەییدا لە ڕابردوو و ئێستاشدا، ڕیشەکەی ناگەڕێتەوە بۆ بنیاتنەران و تیۆریستانی کۆمۆنیزم(کەسانی وەك مارکس و ئەنگڵس و لینین و ماو). بەڵام ئەم ڕێبەرانە بە کۆمۆنیستی نەهاتوونەتە دونیاوە، بەڵکو لە ڕەوتی خەباتی چینایەتییدا لە بۆرژوازی دابڕان و بوون بە کۆمۆنیست. مارکس و ئەنگڵس لە ڕووبەڕووبوونەوەیاندا دژی ئایدالیزم، واتە فەلسەفە و جیهانبینیی سیستەمی چینایەتی، ماتریالیزمیان دارشت بەڵام ئەم دابڕانە نەیدەتوانی بێخەوش و پاك و دوادابڕان بێت. تا ئەو کاتەی کە کۆمەڵگا کۆمەڵگایەکی چینایەتییە، ئایدیالیزم و ماتریالیزم بەشێوەیەکی چوونیەك و یەکگرتنی دژەکان بوونیان دەبێت و کاریگەرییان لەسەر یەکتری دەبێت. شتێکی سەرسوڕهێنەر نیە کە لە فیکری مارکس و ئەنگڵسیشدا، هەندێك ڕەگەزی ئایدیالیستی، واتە هەندێك ئینتیمای هەڵە بوونی هەیە، گەرچی

لاوەکیین. هەندێك ئینتیما و مەیل کە عادەتەن لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستییدا، دەبنە ڕێباوێکی کامڵ.

سەرەڕای ئەمەش، مارکسیزمیش وەك باقیی زانستەکان، مەعریفەیەکی ئەزەلیی یەکجارەکی و کۆتاهاتوو نیە. بەڵکو مەعریفە و زانستێکە کە دونیا دەگۆڕێت و لە چواچێوەی ئەم گۆڕانەدا، گۆڕان بەسەر خۆیشیدا دێت. بەم جۆرە، مارکسیزم هەڵقوڵاوی مێشکی مارکس و ئەنگڵس نەبوو، بەڵکو شۆڕشێکی فیکری بوو کە ئەوان لە مەعریفەی مرۆییدا دەربارەی کۆمەڵگای مرۆیی و گۆڕینیدا ئەنجامیان دا. ئاڤاکیان، مارکسیزمی وەك زانستێك سەیرکردووە کە هەمیشە لە گۆڕان و پەرەسەندندایە و بەم پێیەش دەستیداوەتەوە ڕەخنەکردنی ئینتیما میتافیزیکی و ئایدیالیستییەکان لە کۆمۆنیزمدا، ئەویش لە فیکری کەسانێکی وەك مارکس و ئەنگڵس و لینین و ماودا. لەڕاستیدا لەوەدا سەرکەوتوو بووە کە چارەی ئەو ناکۆکییە بکات کە لە سەرەتای پەرەسەندنی تیۆریی کۆمۆنیستیدا هەبووە. واتە ناکۆکی و دژیەکیی تێڕوانین و میتۆدە زانستییەکەی، کە ناکۆك بووە لەگەڵ تێڕوانین ومیتۆدێکی لەم جۆرەدا. بەبێ ڕەخنەکردنی هەڵە تیۆرییەکان و بەرزکردنەوەی ناوەڕۆکی زانستی تیۆری، سەنتێزی نوێ هیچ نابێت جگە لە کۆمەڵەیەك هەڵسەنگاندنی سیاسی و پراکتیکیی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی. لێرەدا دەتوانین دیالەکتیکی مادە و ئاگایی ببینین: واقیعی مادی، واتە کۆتایی شەپۆلی یەکەمی شۆڕشە کۆمۆنیستییەکان، هەندێك پرسیاری گەورەی گەڵاڵەکرد؛ کە ئێستا وەڵامیان دراوەتەوە. ئەم وەڵامەش خۆی بۆخۆی ئاگایی بەرزکردۆتەوە. بەجۆرێك کە ئەگەر کاری پێبکرێت، ئەوا واقیعی ماتریاڵی دەگۆڕێت. بەم پێیە، سەنتێزی نوێ وەك هەر هەوڵێکی زانستی شتێکی کۆتاهاتوو نیە بەڵکو لە دۆخی بەرەوپێشچووندایە.

"کۆمۆنیزمی نوێ"، نوێکردنەوەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بەهۆی پەرەپێدانی زۆرێك لە کایەکانی وەك فەلسەفە، ئابووریی سیاسی، سیاسەت، میتۆدۆلۆژیا، ئەپیستمۆلۆژیا، دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، سۆسیالیزم، کۆمۆنیزم، و پرسگەلی تری پەیوەندیدار بە

ستراتیژی شۆڕش دەڕەخسێنێت. یەکێك لە ڕەخنەکان لەناو کایەی تیۆر و فەلسەفەدا، ئاراستەی ئیدیعای "حەتمیەت"ــی کۆمۆنیزم دەکرێت. کۆمۆنیزمی نوێ پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە بەپێچەوانەی تێڕوانینی باوی ناو کۆمۆنیستەکانەوە، پەڕینەوە لە سەرمایەدارییەوە بۆ کۆمۆنیزم جەبری مێژوویی نیە. گەر شۆڕشی کۆمۆنیستی ڕوونەدات، ئەویش سەرەنجام لە ئاستە جیهانییەکەدا، ئەوا داهاتووی کۆمۆنیستی بوونی نابێت. هەروەها بەپێچەوانەی تێڕوانینی کەسانێکی وەك ئەنتۆنیۆ نێگری و مایکڵ هارتەوە کۆمۆنیزم بەشێوەیەکی خۆڕسك و خۆبەخۆ لە هەناوی سەرمایەدارییەوە سەردەرناهێنێت. کۆمۆنیزم، واتە کۆمەڵگایەکی بێچین و بێ ستەم و چەوسانەوە، تەنیا بەشێوەیەکی ئاگایانە دروستدەکرێت. واتە لەڕێگەی شۆڕشەوە. ئەویش بەهۆی تیۆر و ڕێبەرایەتیی حیزب و ڕێکخستنی کۆمۆنیستییەوە. کۆمەڵگای کۆمۆنیستی، و ژێرخانە ئابورییەکەی، لەڕێگەی سەرخانەوە دروستدەبێت، نەك لەڕێگەی وەرچەرخانی خۆڕسکانەوە لە ژێرخاندا.

ئاگایی کۆمۆنیستی و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، بەهۆی لەدایکبوونی مارکسیزمەوە لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەدا، هاتە گۆڕەپانی مێژووەوە. لە ساڵی ١٨٧١ یەکەمین هەوڵی گرنگ بۆ ڕزگاربوونی مرۆڤ لە دەسەڵاتی سەرمایەداری لەڕێگەی شۆڕشێکی پرۆلیتارییەوە هاتەدی کە ناوی «کۆمۆنەی پاریس» بوو. تەمەنی کورتی ئەم ئەزموونەش دەریخست کە ئەفراندنی دونیایەکی هەزارانجار باشتر لە دونیای سەرمایەداری، شتێکی ڕێتێچوو و زەروورە. نیو سەدە دواتر، یەکەمین شۆڕشی سۆسیالیستی لە ڕوسیا، لە ساڵی ١٩١٧ و ٣٠ ساڵ دواتریش شۆڕشی سۆسیالیستی لە چین سیمای دونیا و مێژووی مرۆڤیان گۆڕی. ئەم دوو شۆڕشە، هەنگاوی گەورە و سەرەتاییان نا بەرەو دابڕان لە کۆمەڵگای چینایەتی. بەڵام سەرباقیی کۆمەڵێك دەسکەوتی گرنگ، کەچی هەردووکیان شکستیانهێنا. سەرەتا، سەرمایەداری لەسۆڤیەت زیندووبوویەوە. لە چین، **ماو** بۆ بەربەرەکانێکردنی هەوڵەکانی گەڕانەوەی [سەرمایەداری]، ڕێبەرایەتیی شێوازێکی تازەی خەباتی چینایەتیی کرد لە کۆمەڵگای سۆسیالیستی دا، واتە ئەو شۆڕشەی کە ناوی «شۆڕشی کەلتوریی گەورەی

پرۆلیتاری»ـە. بەڵام دوای مردنی ماو، لەساڵی ١٩٧٦دا، کودەتای شوێنکەوتووانی سەرمایەداری ئەم پێگەیەی شۆڕشی کرد بە پێگەی سەرمایەداری. بەم شێوەیە، قۆناغ یان شەپۆلی یەکەمی شۆڕشە کۆمۆنیستییەکان کۆتایی‌پێهات.

پرسیاری من لە ڕۆشنبیران و چالاکوانانی سیاسی کە لە دۆخی باو بێزارن و خۆیان نادەنە دەستیەوە، ئەمەیە: بە چ ئاسۆیەکەوە، دەچنە شەڕی دۆخی باوەوە؟ ئایا دەتوانرێت توندوتیژیی ڕۆژلەدوای‌ڕۆژی زیاتری سەرمایەداری کەمبکرێتەوە و سیمایەکی مرۆییانەی پێ‌بدرێت؟ ئایا دەبێت کۆتایی بە جەنگ و هەژاری و ستەم و چەوسانەوە بهێنرێت، یان پێویستە لەگەڵیدا ڕابێیت و هەمواریان بکەیت؟ ئایا دەتوانرێت گرنگترین ناکۆکیی ئەم سەردەمە، واتە ناکۆکیی نێوان ماهیەتی کۆمەڵایەتیی بەرهەمهێنان و دەسبەسەراگرتن و خاوەنداریێتیی تایبەت چارەسەربکرێت؟ ئایا دەتوانرێت ناکۆکی و ناتەبایی نێوان ٩٩% و ١% لە چوارچێوەی سیستەمی سەرمایەدارییدا چارەسەربکرێت؟ دواپرسیار ئەوەیە کە: ئاخۆ دەمانەوێت بەسەر شەپۆلی دووەمی شۆڕشە کۆمۆنیستییەکانەوە، دەستبدەینە گۆڕینی خۆمان و دونیاش؟